کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
30-12-2006 19:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەی ڕۆۆۆۆ ئەی ڕۆ... ئەم جارەش مافی کورد ڕۆ... کانی هەڵەبجەیی

وەك هەمومان ئاگادارین هەواڵی لە سێ داردانی دیکتاتۆر سەدام گەشتۆتە ماڵی گشتمان و لە گوێی هەموماندا دەزرنگێتەوە، ئەم هەواڵە چەنێ ئێمەی کورد بۆی بە پەرۆش بووین، چەنێ خۆمان بۆی ئامادە کردبوو، چەنێ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووین کە لەسەر ئەو تاوانانەی سەدام بەرامبەر گەلەکەمانی کردووە لە سێ دارە بدرێ، ئاااااای دایکی شەهید، ئاااای ئەنفال، ئاااای هەڵەبجە، گشت زامەکانمان دیسان پشتگوێ خران و گشت مافەکانتان بوونەوە قوربانی برا گەورەی شیعە.



هەرچەندە دادگایی کردنی دیکتاتۆری چەرخی بیستەم سەدام حسێن لەلایەن دادگای تاوانەکانی عیراق بە پێی بیر و باوەڕی هەندێ لە سەرکردە سیاسییەکانی عیراق گەورەترین دەست کەوتە لە مێژوی عیراقی نوێدا و گەلی کورد وەك یەکێك لە گەلانی عیراق ستەم دیدەیی زۆری بینیوە لە ژێر دەستی ڕژێمەکەی ئەم دیکتاتۆرە، وە هەمومان وەك کورد چاوەڕوان بووین ڕۆژی لەسێ داردانی دیکتاتۆر بکەینە یەکێك لە جەژنە نەتەوایەتییەکەمان، بەلاَم ئاااخ هەزار جار ئاخ، دیکتاتۆر لەسەر ئەو تاوانە مرۆڤ سر کەرانە لە سێ دارە نادرێ کە بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجامی داوە.

وەك ئاگادارین پرۆسەی دادگایی کردنی دیکتاتۆر بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی کورد بەرێز رزگار بو وە بە شێوەیەکی یاسایی یانە پرۆسەکە بەرێوە دەچو وە کورد پێی خۆش بوو کە دادوەرێکی کورد سەرۆکایەتی پرۆسەی ئەو دادگاییە دەکات بەلاَم لەبەر هۆیەکی سیاسی ڕێرەوی ئەم دادگایی کردنە گۆڕدرا وە بووە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی بەرێز رزگار، بێگومان پاڵپەستۆی شیعەکان بوو وای کرد کە بەرێز رزگار دەست لەکار بکێشێتەوە، ئایا پێویست نەبوو کورد لێرەدا هەڵوێستەیەك بکات بۆ ئەوەی دەمکوتی نەیارەکان بکات کە دەیانگووت پرۆسەی دادگایی کردنەکە سیاسیە نەك یاسایی؟

ئەوە بوو دوای ئەوە پارێزەرێکی کوردی دیکە (ڕەئوف) جێگای گرتەوە. هەرچەند بەرێز ڕەئوف بووە جێگای ڕەخنەگرتنی زۆر لەو نەیارانەی دژی گەلی کورد بوون، بە هەرشێوەیەك بوو دادگایی یەکە بەرێوە چوو وە پرۆسەکە بە خوێندنەوەی حوکمی لە سێ دەرەدانی سەدامی دیکتاتۆر کۆتایی هات. کە لەسەر تاوانی کوشتنی کەمتر لە 200 هاولاَتی شیعە بوو لە دوجەیل.

بێگومان وەك ئاگادارین سەدام لە پرۆسەی دادگایی کردنی چەند تاوانێکدا بوو نەك تەنها تاوانی دوجەیل. وەك پرۆسەی دادگایی کردنی ڕژێم و دارودەستەکەی لەسەر دۆسیەی ئەنفال کە گەلی کورد زۆر بە کەیف و خۆشییەوە شایەتە یەك لە دوای یەکەکانی بە بەڵگەی پێویستەوە دەنارده ناو دادگاوە، لە هەزاران و خوێنەرانی کورد هەموو بە پەرۆشەوە هەولّی ئەوەیان ئەدا کە فریای دادگاو شایەتی دانەکە بکەون، ئەلێرەدا هەڵوێستەمان پێویستە، دەبێ بپرسین بۆچی لەم کاتەدا کە پرۆسەی ئەنفال

بەرداوامەو تەواو نەبووە حوکمی لە سێ دارەدانی سەدام دەردەچێت؟ ئەی کورد کوا؟؟؟؟ 8000 بارزانییەکان کوان؟؟؟؟ 5 هەزار شەهیدی هەڵەبجەو 10 هەزار بریندار کوان؟؟؟؟ کوان 4500 دێی ڕوخاو؟؟؟؟ هەموویان بونە قوربانی کەمتر لە 200 کەس؟؟؟؟ ئەی کووا هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد؟ بۆچی دەهێڵێت سەدام لە سێ دارە بدرێ پێش ئەوەی تاوانەکانی دژ بە گەلەکەمانی بەسەردا بچەسپێت؟. دیسان وەك پرۆسەی یەکەمی دادگایی کردنەکە کەوتینەوە ژێر پاڵەپەستۆی شیعە؟ خۆ بەلای سەرکردایەتی کوردەوە لەگەڵ شیعەی هاوپەیمانمان بە یەکسانی زۆرداریەکانی سەدامان بە سەردا دابەش کراوە، ئەی بۆچی ئێستا هەموو ئەنجامی دادگایی کردنەکە بۆ ئەوان بێ؟ بۆ هاوبەش نەبین؟

گەر سبەینێ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان پرسیان کوا مافی کورد؟ سەرکردەکان دەڵێن چی؟ گەر کەسێ پرسی سەدام لەسەر چی لە سێ دارە درا، لە ڕویان دێ وەڵام بەنەوە؟ ئەڵێن لە سێ دارەدرا لەسەر کوشتنی کەمتر لە 200 برای شیعە؟سەیر ئەبێت بەتەمابن بە غیابی سەدامی دیکتاتۆر حوکمی تاوانەکانی بدەن کە دژ بە کورد ئەنجامی داوە؟

ئای چەن تیرێکی ژەهراوی بوو کاتێ ئەمڕۆ2006-12-29 بەرێزێکی دەستەی دادگایی کردنەکە بە ناوی (مونێر حەداد) ووتی:، پێویست ناکات دەستەی سەرۆکایەتی ئیمزای ئەم لە سێ دارەدانە بکەن!!!! کەوابوو... مامە گیان... ڕاستە هەر سەرۆکی پێشوازی و خواحافیزی کردنی، یان دیسان پاڵەپەستۆی شیعەی هاوپەیمانە؟ ئەی بۆ لە بڵندگۆکەتەوە و بڵندگۆی کوردەوە ڕەدی ئەوە ناکەیتەوە کە ئەبێت دادگایی کردنەکە بەردەوام بێت تاکو سەپاندنی تاوانەکانی بەرامبەر کوردیش بە سەر دیکتاتۆردا دەچەسپێت؟، ... کاکە گیان... بۆ وەك سەرکردایەتی کورد نایەیتە وەڵام؟ ئەمڕۆ ڕکێفی میللەتێك لە ژێر دەستی بەڕێزتدایە چۆن یاری بە چارەنوسی زامەکانی گەلێك دەکرێ کە هێشتا قەتماغەیان سارێژ نەبووە؟ کاکە گیان کوا ئێسك و پروسکی 182 هەزار ئەنفال؟ کوا هەڵەبجەو کوا زیندەبەچاڵ؟ ئەمانەتان هەموو گۆڕییەوە بە کەمتر لە 200 شیعە؟ کە خۆشتان و هەمومان دەزانین ئەو تاوانەی دوجەیل بەرامبەر ناکرێ بە هیچ لە یەکێك لەو تاوانە نا مرۆڤایەتیانەی بەرامبەر گەلی کورد کراوە.

خۆ ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپا ئەوەندەشیان بەڵگە پێ نەبوو وەك ئێوە وە کۆمەکێکی ئەوتۆیان لە ئێوە وەرنەگرت و توانیان تاوانبارێکی هۆڵندی کە چەکی کۆمەڵ کوژی بە سەدام دابو بخەنە بەردەم دادگاو دادگاش حوکمی بەسەردا بات. ئەی ئێوە چیتان کرد؟ بۆ یاری بە چارەنوسی ئازارو خوێنی شەهید دەکەن؟ یاخود بۆ دێڵن شیعە هەر برا گەورە بێت وەك ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی سەدام؟ گەل بە هیوای ئەوە بوو سەرانی ڕژێم لە هەڵەبجەی چەند جار شەهیددا دادگایی بکرێن و حوکم بدرێن، ئەی ئێستا چی وەڵامی شەهیدو کەسوکاریان دەدەنەوە؟ چی وەڵامی کەس و کاری ئەنفال ئەدەنەوە؟ بۆچی قسەی نەیارەکان بەسەر خۆتاندا ساغ دەکەنەوە کە دەڵێن دادگاییەکە سیاسییە نەك یاسایی؟

دوای ئەوەی خۆمان کردە قوربانێ عیراقێکی نوێ وابزانم برا شیعەکانمان حیسابی ئەلقاعیدەو بەعسییەکان و سوننەی توندڕەویان بۆ کورد کردووە. چونکە ڕای کوردیان وەرنەگرتووە، تەنانەت لە دادگایی کردنی سەرەخۆرەکەشماندا مافەکانیان خواردین.... ئەی هاواااااااااااااااااار ئەی ڕۆۆۆۆۆۆۆ، ئەی داااااد ئەی بێ داد بۆ مافە خواردوەکانی کورد،

لە بری هەلهەلە دیسان دەبێ دایکی شەهیدان زمایشیان بیۆ هەر بڵێن ئەی ڕۆۆۆۆۆۆۆ ئەی ڕۆ، مافمان ڕۆۆۆۆ...

هۆڵندا

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
19:07 30-12-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

Kani_awin@hotmail. com